# لەبارەی شیعرەوە

**محەمەد کوردۆ**



## روونکردنەوە

خوێنەری خۆشەویست ئەوەی لێرەدا دەیخوێنیتەوە، بەشێکە لەمێزگردێکی گۆڤاری (نەوشەفەق) کە ساڵی 2003 لەبارەی شیعرەوە سازکراو چەند شاعیرو نووسەرێك تیایدا بەشدارابوون و منیش یەکێك بووم لەو کەسانەو لەژمارەکانی (6و7)دا بەدووبەش بڵاوکرایەوە.

من لێرەدا پرسیارەکانی نەوشەفەق و وەڵامەکانی خۆمم نوسیوەتەوەو هیوادرم بەشێك لەو شتانەم وتبێت کە ویستوومە بیانڵێم.

کوردۆ

***

**نەوشەفەق:**

**هەموو دەقێك جۆرە روانین و جیهانبینییەکی هونەرییە، روانینی هونەریش رەوتی روانینی ئاسایی دەگۆڕێت، شیعری کوردی چەند دەرەقەتی ئەمە هاتووە؟**

محەمەد کوردۆ:

شیعری کوردی لەدەقە جوانەکانییدا (کە بەداخەوە زۆر کەمن) دەرەقەتی ئەوە هاتووەو توانیویەتی جیهانبینییەکی هونەریی، یان روانینێکی شیعریی بەرهەمبێنێت و بەشێکی زۆر لەپێکهاتەو رەگەزەکانی خۆی بەشیعرییەت و ئیستاتیکای شیعریی و هێماو ئاماژەو ئیحای جۆراو جۆر بارگاویی بکات و دەلالەتی جیاجیاو بونیادی قووڵی هەبێت و خۆی لەتاکرەهەندیی و راستەوخۆیی دروو‌بخاتەوەو دەرفەتی تەئویلکردنی بەردەوام برەخسێنێت و دەقێکی کراوەبێت و دیکتاتۆرانەو لووتبەرزانە هەوڵی تواندنەوەی هەموو شتەکان لەنێو خۆیدا بدات و کارێك بکات تۆ دواجار هەستبکەیت ئەوەی کەدەیخوێنیتەوە شیعرە نەك شتێکی دی، بەڵام شیعری کوردی لەدەقە خراپەکانییدا (کە بەداخاوە زۆر زۆرن) ئەوەی نایبینی جیهانبینی هونەریی و شیعرییەت و روانینی شیعرییە.

***

**نەوشەفەق:**

**شیعرو ئیلهام لەچ کارلێکێکی هونەرییدان؟**

محەمەد کوردۆ:

من هەست دەکەم نووسینی شیعر پێویستی بەحاڵەتێکی تایبەت هەیە، کە تێیدا شاعیر دەکەوێتە نێو خەون و خەیاڵ و موعاناتە گەورەکانی خۆی و تارادەیەکی زۆر لەجیهانی دەرەوە دادەبڕێت و لەبارودۆخێکدا دەژی کە نەست و ئاگایی باڵادەستن و هەست و ئاگایی تیایدا سڕو خەواڵوون، ئیدی ئەوەی کە شاعیر دەخاتە نێو ئەو حاڵەتەوە چییەو چۆنەو بۆچی لەوەختێکدا ئامادەیەو لەوەختێکی دیکەدا ونەو جارێك ساردەو جارێك گەرم، نازانم. ئاساییە ئەوهێزە بەئیلهام ناوببەین، بەڵام تا چەند کارلێکی ئەو هێزە لەگەڵ شیعردا هونەرییە ئەوەیان کەمتر پەیوەندی بەهێزەکەوەو زۆرتر پەیوەندی بەتواناو باکگراوندی رۆشنبیریی و ئەزموون و روانینی شاعیرانەو زەوقی جەمالیانەی شاعیرەکەوە هەیە.

***

**نەوشەفەق:**

**بابەتی سیاسیو كۆمەڵایەتی لەكۆنەوە تاكو ئەمڕۆش بەسەر زۆربەی دەقی شیعری كوردیدا زاڵە، ئەم حاڵەتە چەند زەرەری لەهونەرییەتی دەقی شیعریمان داوە؟**

محەمەد كوردۆ:

لەو حاڵەتانەدا كە شاعیر لووتبەرزانە بۆ ئەو مەسەلانەی روانیوەو مامەڵەی شاعیرانەی لەگەڵ كردوونو ئەوانی وەك سوخرەكێشی شیعر تەماشاكردووە، نەك شیعر بەسوخرەكێشی ئەوان بزانێت، لەو حاڵەتانەدا ئەگەر زیانیشیان بەهونەرییەتی شیعر گەیاندبێت زیانێكی گەورەیان پێنەگەیاندووە، چونكە لەڕاستیدا ئەوە بابەت نییە كەبەها بەشیعر دەبەخشێت یان لێیدەسێنێتەوە، بەڵكو ئەوە شیعرە كە بەها بەبابەت دەدات یان دەیكوژێت.

***

**نەوشەفەق:**

**هەندێك دەڵێن: شیعری كوردی هەرگیز نەیتوانیوە زمانی كوردی بتەقێنێتەوە، بۆیە تەنانەت نەیتوانیوە سنووری لەهجە كوردییەكانیش ببڕێتو خوێنەری كوردی بەهەر لەهجەیەك بێت ناچار بكات بیخوێنێتەوە؟**

محەمەد كوردۆ:

بەتێگەیشتنی من تەقاندنەوەی زمان پەیوەندی بەلەهجەكانەوە نییە، بەڵكو بەپلەی یەكەم پەیوەندی بەگۆڕینی وەزیفەی وشەكانەوە هەیە لەوەزیفەی گەیاندنەوە بۆ وەزیفەیەكی شیعریی، پەیوەندی بەدابڕینی وشەكانەوە هەیە لەمەرجەعیەتە زانراوو ناسراوەكانی خۆیانەوە بۆ بێمەرجەعیەتێكی پڕ لەجووڵەو پڕ گۆڕان، پەیوەندی بەدۆزینەوەی ئەو بەشانەی زمانەوە هەیە كە دەشێت بەشیعرییەتو روانینی شاعیرانەو خەیاڵو هێماو ئاماژەو ئیحای شیعریی بارگاوی بكرێن، چونكە شیعر وەك ئەدۆنیس دەڵێت: ((لەبنەڕەتدا هەوڵدان نییە بۆ وتنی ئەو شتانەی كەدەشێت بوترێن، بەڵكو هەوڵدانە بۆ نزیكبوونەوە لەو شتانەی كە ناشێت بوترێن)). ئیشی شیعر تێكوپێكدانی ئەو قاڵبە پێشوەخت ئامادەكراوانەیە كە ناهێڵن زمان توانای سكوزای بەردەوامی هەبێت، چونكە بێگومان زمانێكی لەقاڵبدراو هەر توانای بەرهەمهێنانی مانایەكی لەقاڵبدراوی هەیە. لەم ئاستەدا شاعیری كورد كەمتر گەمەی تەقاندنەوەی زمانی تاقیكردۆتەوە.

***

**نەوشەفەق:**

**شیعری كوردی چەند گەمەی هونەریی لەزماندا بەرجەستە كردووە، یان خوڵقاندویەتی؟!**

محەمەد كوردۆ:

گەمەی هونەری بەو واتایەی تواناكانی دەربڕین فراوان بكاتو شیعر لەڕاستەوخۆییو یەكدیووی و یەكڕەهەندی دەرباز بكاتو زۆرترین ئیحا ببەخشێتو توانای راچڵەكاندنی زاكیرەی خەواڵووی خوێنەری هەبێتو خەیاڵدانی بتەقێنێتەوە، بەم مانایە گەمەی هونەریی لەزمانی شیعری كوردیدا هەیە، بەڵام زۆر كەم، وەلێ بەمانای دیكە زۆرە، كە بڕێكی باشیان لەجیاتی تەقاندنەوەی زمان كوشتنی زمانیان لێدەكەوێتەوە.

***

**نەوشەفەق:**

**هەندێك دەڵێن زۆربەی شاعیرەكانمان سیاسەتباز یان حیزببازن، بۆیە نەیان توانیوە، دەقی زیندووی شیعری بەهەم بێننو لەپەراوێزی شیعردا شاباشی سیاسەت دەكەن، وایە؟ چۆن؟**

محەمەد كوردۆ:

سیاسەتو حزبایەتی بەو مانایەی كە لەوڵاتانی لای ئێمەدا هەن، بێگومان زیانی زۆریان بەشیعر گەیاندووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە شاعیرمان هەیە سیاسەتیشی كردووەو حیزبییش بووەو دەقی زیندووشی زۆرە، شاعیریشمان هەیە نە سیاسەتی كردووەو نە حیزبیی بووە، كەچی نەشیتوانیوە دەقی زیندوو بنووسێت، هەر وەك حەمە سەعید حەسەن لەبارەی رەفیق سابیرەوە وتوویەتی: ((ئەوە گرنگ نییە رەفیق چەند ساڵ كۆمۆنیست بووە؟ چەند ساڵ ناسیۆنالیست دەبێت؟ گرنگ ئەوەیە چەند شیعری جوانی نووسیوەو چەند شیعری جوانتر دەنووسێ؟)).

***

**نەوشەفەق:**

**کۆمەڵێك بەیاننامەو گوایە مانیفێستی شیعریی لەپاش ڕاپەڕینەوە چ بەشێوەی تاك لایەنانەو چ بەشێوەی گروپ، هاتنە بڵاوکردنەوە، ئایا ئەوە لاساییکردنەوەیەکی بێ بنچو بناوانە، یان زادەی واقیعی شیعری کوردییەو جۆرێك لەشەرعیەتی وەرگرتووە؟**

محەمەد کوردۆ:

من نالێم لاساییکردنەوە، بەڵام بێگومان سوودیان لەبەیاننامەو مانیفێستە شیعرییەکانی پێش خۆیان وەرگرتووە، بۆ نموونە بەیاننامەی سوریالییەکانو مانیفێستەکەی فازڵ عەزاویو هاوڕێکانیو بەیاننامەکەی یەدوڵڵا روئیاییو پەروێز ئیسلامپوورو هاوڕێکانیانو بانگەوازەکەی روانگە، ئەم مانیفسێتو بەیاننامەو بانگەوازانە هیچ نەبێت ئیحایەکیان بەو برادەرانە داوە، واقیعی شیعری کوردیش پێویستی بەشڵەقاندنو گۆڕان هەیە، بەڵام ئاخۆ ئەو بەیاننامەو مانیفێستە شیعریانەی تۆ باسیان دەکەیت، کە من ئاگام لەفۆرمی گرانـی ئەنوەر مەسیفیو لەوێرانو لە برادەرانی زناكو مانیفێستەکەی فەرهاد پیربال هەیە، توانیویانە گۆڕان دروست بکەن؟ من بۆ خۆم پێموا نییەو تارادەیەکیش دژی بەیاننامەو مانیفێستی شیعرییم، چونکە لەلایەك لەقاڵبدانو بەرتەسککردنەوەی فەزای شیعرییەو لەلایەکی دیکەشەوە هەوڵدانە بۆ لێکچوون نەك لێکجیاوازبوون، کە هەندێجار پێویست دەکات شاعیر لەخۆشی جیاواز بێت نەك لە هاوڕێکانی، پاشان ئەوە بەیاننامەو مانیفێست نییە کە شیعر دروست دەکات، بەڵکو ئەوە شیعرە کە بەیاننامەو مانیفێست دەوروژێنێ، هەر بۆ نموونە لای خۆمان بەر لەبانگەوازی روانگە شیعری کوردی بەکردەوە لەسەر دەستی لەتیف هەڵمەتو ئەنوەر شاکەلی خۆی تازکردبۆوە.

***

**نەوشەفەق:**

**لەڕۆژگاری جەنجاڵی ئەمڕۆی زاڵی تەکنۆلۆژیاو عەولەمەدا شیعر بەگشتیو شیعری کوردی بەتایبەتی چ بۆشاییەکی ژیانی پڕکردۆتەوە یان پڕ دەکاتەوە؟**

محەمەد کوردۆ:

چەند تەکنۆلۆژیاو هۆیەکانی پەیوەندی و گەیاندن گەشە بکەن، ئەوەندەش ئەو بۆشاییانەی شیعر پڕیان دەکاتەوە کەمدەبنەوە، راستە دوێنێ شیعر زۆرترین بۆشایی پڕکردۆتەوە، بەڵام لەئێستادا تەنها ئەو بۆشاییانە پڕ دەکاتەوە کەدەبێت پڕیان بکاتەوە. ئەوبۆشاییانەش روحیی و زهنین و دەکەونە ئەو دوییوی ژاوەژاوەکانی ژیانی رۆژانەو سروشتێکیان هەیە کە لەگەڵ تەکنۆلۆژیاو جیهانگیرییو پێشکەوتنە ماددییەکاندا جیاوازنو یەکناگرنەوە.. بەواتایەکی دی شیعر لەئێستادا رۆڵی خۆی ون ناکات، بەڵکو ئەو وەکالەتانە هەڵدەوەشێنێتەوە کە بۆشتەکانی دیکەی کردووەو دەگەڕێتەوە لای ئیشە راستەقینەکانی خۆی، کە بێگومان لەڕووی قەبارەوە بچوکترن، بەڵام لەڕووی جەوهەرەوە پاکترو رەسەنترو مەزنترن.

***

**نەوشەفەق:**

**لەم فەوزایەی ئەمڕۆی بڵاوکردنەوەی شیعردا، دەقی لاوازو بەهێز تەواو تێکەڵ بووە جیاکردنەوەیان مەسئولییەتی کێیە؟ خوێنەر، رەخنەگر، یان...؟**

محەمەد کوردۆ:

مەسئولیەتی هەموومانە، بەڵام لەهەموومان زیاتر مەسئولیەتی رۆژنامەو گۆڤارەکانو ئەو دەزگایانەیە کە کتێب چاپدەکەن، چونکە من پێموایە لەهەموو سەردەمەکاندا ئەم فەوزایە لەنووسیندا هەبووە، بەڵام رەنگە پێشتر ئەم دەرفەتەی بڵاوکردنەوە نەڕەخسابێت.

***

**نەوشەفەق:**

**گەلێ دەقی زیندووی شیعری کۆنی کوردی لەتاراوگەدا خولقاون، نموونەش زۆرە، وەکو نالی، حاجی قادرو سالمو... لەگەڵ ئەوەی تاراوگەو تارێنراوی ئەمڕۆشمان لەجاران زیاترە، ئەمە چەند دەقی زیندووی خولقاندەوە، یان نەی خولقاندووە، بۆچی؟**

محەمەد کوردۆ:

بەبڕوای من ئەوە تاراوگە نییە، بۆ نموونە، زیندوێتی بەدەقێکی نالی بەخشیووە، بەڵکو ئەوە نالییە توانیویەتی تاراوگە لەدەقێکی زیندوودا تەوزیفبکات، ئێمە شاعیرمان هەیە شیعری زیندوو بۆ گەلای مردوو دەنووسێتو شاعیریشمان هەیە شیعری مردوو بۆ دۆزە زیندووەکان دەنووسێت.

لەدوائەنجامدا ئەوەی شتەکان یەکلادەکاتەوە شاعیرەکەیە، نەك شتەکان خۆیان، ئێمە وەك چۆن لەناوەوەی نیشتیمان شاعیری باشمان کەمە، لەدەرەوەی نیشتیمانیش شاعیری بەتوانامان کەمە، کە جوان ئیش لەسەر تاراوگەو خەمو پەژارەکانی بکات.

***

**نەوشەفەق:**

**سانسۆرو سەرکوتکاری، عادەتەن دەبنە هۆی سەرهەڵدانی رەمزییەتی هونەری گەورە دیارە رۆڵەکانی گەلی کورد لەسەدەی بیستەمدا لەهەموو بەشەریەت سانسۆر زەدەترن، ئایا ئەمە ئەو رەمزییەتە هونەرییەی بەشیعری کوردی بەخشیووە، ئەگەر ئا یان نا بۆچیو کامەن نموونە؟**

**محەمەد کوردۆ:**

من پێموانییە سانسۆرو سەرکوتکاریی عادەتەن ببنە هۆی رەمزیەتی هونەریی گەورە، چونکە رەمزییەتێك ناچاری بێتو قەناعەتو جیهانبینیو روانینێکی شاعیرانەی لەپشتەوە نەبێت، چۆن دەتوانێت هونەرییو گەورە بێت؟

ئەو رەزمییەتەی تۆ باسیدەکەیت بەوە دروست نابێت لەجیاتی کوردستان بڵێین داربەڕوومان خۆشدەوێت، کە شیعری کوردی زۆرجار وایکردووە، بەڵکو بەوە دروست دەبێت لەڕێگای رەمزەوە جیهانێك بخوڵقێنرێت، دەرفەتی تەئویلکردنی تازەو بەردەوامی هەبێتو گوتاری بالادەست تیایدا گوتارێکی هونەرییو ناراستەوخۆو فرەڕەهەندو فرەبوونیاد بێت.

***

**نەوشەفەق:**

**ئەمرۆ لەدنیادا، رۆژی 3/21 کراوە بەرۆژی جیهانیی شیعر، ئایا ئەمە پاشەکشەو کەمبوونەوەی دەوری شیعر ناگەیەنێت؟ چۆنو بۆچی؟**

**محەمەد کوردۆ:**

من پێشتر بڕوای خۆم لەسەر کەمبوونەوەی رۆڵی شیعر پێوتی، دەشێت دیاریکردنی ئەو رۆژە بۆ شیعر بەدیوێکدا پاشەکشەی شیعر بگەیەنێت، بەڵام دەشێت بەدیوێکی دیکەشدا تەعبیر لەبەشێکی بچووکی ئەو قەرزە گەورەیە بکات کە دەبێت جیهان بەشیعری بداتەوە.

***

**نەوشەفەق:**

**شیعر لەچاو ژانرە ئەدەبییەکانی دیدا لەکوردەواریدا پانتاییەکی فراوانتری گرتۆتەوە، هۆیەکەی چییە؟**

**محەمەد کوردۆ:**

قەبانی دەڵێت: ((شیعر ئەو دوو دیوارەیە کەپێش گەیشتنی تەتار، نەتەوە خۆی پێدەپارێزێت)).

پێدەچێت ئەمەیان گەورەترین هۆ بێت کەوای لەکورد کردووە زۆرترین بایەخ بەشیعر بدات، چونکە کورد هەمیشە لەبەردەم مەترسی گەیشتنی تەتارەکاندا بووە. شیعر باشترین رێگا بووە بۆ پاراستنی زمانی کوردی، کە لەزۆرێك لەو بارودۆخانەدا بەرزترین ئاستی پاراستنی نەتەوە بووە، جگە لەوە شیعر ئاسانتر دەگاتە خەڵكو زووتر لەبەردەکرێتو زیاتر لەزاکیرەدا دەمێنێتەوە -ئەمەش بۆ نەتەوەیەك کە لەزۆرترین بەشەکانی مێژووی خۆیدا بێدەوڵەتو بێکییانو بێدامودەزگا بووە- شتێکە ناتوانرێت پشتگوێ بخرێت.

***

**نەوشەفەق:**

**شیعرییەت، کۆڵەگەی هەردەقێکی شیعرییە، ئایا ئەمە چەند لەشیعری کوردییدا بەدیدەکرێت؟**

**محەمەد کوردۆ:**

شیعرییەت لەنێو زۆرێك لەشیعری ئێمەدا بێشوێنەوارە، چونکە تائەم ساڵانەی دوایی شیعری ئێمە زۆرتر شەرعییەتی لەدەرەوەی خۆی وەردەگرت، (دەرەوە مەبەستم بابەتە سیاسییو نەتەوەییو دروشمئامێزەکانە)، وەلێ ئیدی ئێمە لەچرکەساتێك نزیك دەبینەوە کە تیایدا شیعر تەنها دەتوانێت شیعر بێت، ئیدی هەر شیعرێك زۆرترین شیعرییەت لەخۆیدا هەڵنەگرێت، دەبێت جگە لەمەرگی خۆی چاوەڕوانی هیچ شتێك نەکات.

***

**نەوشەفەق:**

**شیعری كوردی جگە لەشیعرە فۆلكلۆرییەكان، راستەوخۆ لەژێر كاریگەری شیعری بێگانەی عەرەبیو فارسیو توركییدا بووە، خۆ بۆ ئێستا كاریگەریو لاساییكردنەوەی شیعری هەموو دنیا، چ راستەوخۆ چ ناڕاستەوخۆ، لەبزاڤی شیعری كوردیدا. دیارە، شاعیری كورد چەند نەفەسی كوردانەی خۆی پێبەخشیوە؟**

**محەمەد كوردۆ:**

دەقی ئەدەبی وەك ڤالیریو بۆرخیس دەڵێنو ئەدۆنیس-یش جوانتر روونیكردۆتەوە: ((یەك نووسەری نییە، بەڵكو دەرەنجامی موغامەرەی بیرێكی گەردوونییە، هەموو نووسەرێك ئیش بەو كلتوورە پێشینەیە دەكات كە لەپشتییەوە هەیە، وەلێ ئەم ئیشكردنە بەمەبەستی بەرهەمهێنانی دەقێكە كە موڵكی ئەو نووسەرە بێتو خوێنەریش بەخوێندنەوەی تایبەتی خۆی دەوڵەمەندی بكات)) كێشەی شاعیری كورد ئەوە نییە كە دەكەوێتە ژێر كاریگەری شیعری خەڵكانی دیكەوە، چونكە ئەمە دیاردەیەكی سروشتیو دروستو جیهانییەو هەموومان تێیدا بەشدارین، كێشەی شاعیری كورد ئەوەیە گرێی هەستبەكەمیكردنی هەیە، وادەزانێت بۆئەوەی هەبێت دەبێت لەخەڵك بچێت، لەجیاتی ئەوەی وردەكارییەكانی خۆی بگوازێتەوە نێو شیعرەكانی، دەیانكوژێت، چونكە وادەزانێت ئەوان ناهێڵن ببێتە شاعیرێكی جیهانیی.